# ڕاپۆرتێکی ئەنترۆپۆلۆژی لەسەر
# شارستانیەتی مایاکان

ئامادەکردنی قوتابی:
علی عبدالقادر رسول -





## ناوەڕۆك


پێشەکی:........................................................................................................ ٢

شارستانیەتی مایاکان: .................................................................................... ٣

مایاکان کێ بوون؟........................................................................................... ٤

کۆمەڵگەی مایا:............................................................................................. ٦

هونەری مایاکان:............................................................................................. ٧

سەرچاوەی بژێوی ژیانی مایاکان:...................................................................... ٩

سیاسەتی مایاکان: ....................................................................................... ١٠

خواوەند و بیروڕای ئایینی مایاکان: .................................................................. ١١

نووسینی مایاکان:......................................................................................... ١٣

سیستەمی ڕۆژمێری مایاکان:.......................................................................... ١٣

سەرچاوەکان ............................................................................................... ١٤

## پێشەکی:

ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ئەنترۆپۆلۆژی لەسەر شارستانیەتێکی وەها وون و ئاڵۆز کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام وەک ئەوترێت ئەنترۆپۆلۆجیستەکان هەمیشە حەز بە دەستخستنی زانیاری لەو گەلانە ئەکەن کە نامۆن. ئێمەیش لەو شارستانیەتە نامۆ و گرنگترمان نەدۆزییەوە، بەتایبەت کە ئەم شارستانیەتە لەلای کوردزمانان کەمی لەسەر ووتراوە و سەرچاوە لەسەری کەمە.

هەر لەسەرتاوە قسەمان لەسەر ئەوە کردبوو کە مادام بەتەمای ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ئەنترۆپۆلۆژین، با کارێکی جوان و ناوازە بکەین، نەک هەر هەوڵی کۆپی-پێست کردن و لەکۆڵکردنەوەی ئەرکەمان بین! بۆیە هەوڵماندا خۆمان بخەینە ژێر ئەم بارەوە و دەستمان کرد بە گەڕان لەسەر ئەم شارستانیەتە بە زمانی ئینگلیزی، ئەتوانین بڵێین تا ئاستێکی باش سەرچاوەمان دەست کەوت تەنانەت توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیشمان لەسەر شارستانیەتی مایا دەستخست. لەنێو ئەم سەرچاوانەدا، ئەو زانیاریانەی کە پێویست بوو لە ڕاپۆرتێکی واها باسبکرێن هەڵمان هێنجان و دووبارە ڕێکمان خستنەوە و بە پوختی لێرە داماننانەوە.



## شارستانیەتی مایاکان:

شارستانیەتی مایاکان (**Mayan Civilization**) ، یەکێکە لە شارستانیەتە مەزن و کۆنەکانی مێژوو، لە هەمان کاتدا لایەنێکی زۆری ئەم شارستانیەتە هێشتا پەردەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە و بە تەواوی دڵنیا نین کە ئایا  مایاکان کێ بوون؟!، چۆن ژیاون؟!، چۆن بیریان کردۆتەوە؟! ،بەڵام بەپێی ئەو داتایانەی پێمان گەیشتوون وا دیارە کە ئەوان کەسانێکی کاریگەر و پێشکەوتوو بوون کە هەندێک تەکنەلۆژیای زۆر سەرنج ڕاکێشیان پێشخستووە (ماکفادن/٢٠١٨).

ئەنترۆپۆلۆجیست جێرمی ئەی سابلۆف (Jeremy A. Sabloff[1]) لە ڕاپۆرتێکیدا بە ناونیشانی «How Maya Archaeologists Discovered the 99% Through the Study of Settlement Patterns» ئاماژەی بەوە کردووە کە چۆن لە شێستەکانی سەدەی بیستەم  بەژداریکردووە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی شوێنەواری و پەردەی لەسەر بەشێکی ئەم شارستانیەتە مەزنە هەڵداوەتەوە، لە هەمانکاتدا دان بەوەدا دەنێت کە خەڵکانی ئەم شارستانیەتە هێشتا زۆر بە کەمی ناسراون ، وە پێویستە زیاتر بزانین دەربارەی دانشتوانەکانیان.

بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵی ئەنترۆپۆلۆجستەکان بۆ ناسینیان بێ سوود بووبێت، بەڵکو کەم تا کورێک توانیویانە پەردە لەسەر لایەنێکی ژیانی ئەم شارستانیەتە هەڵبدەنەوە.



شوێنی شارستانیەتی مایا لەسەر نەخشە

١ بەشی ئەنترۆپۆلۆژی، تەواوکردووە. لە زانکۆی پێنسلڤانیا، فیلادلفیا، پێنسلڤانیا، ئەمریکا.



# مایاکان کێ بوون؟

بەر لەوەی ئەورووپییەکان بۆ گەڕان و داگیرکاری ڕوو لە ئەمەریکا بکەن، مایاکان لە مسیۆمەریکا[2] فەرمانڕەوایان دەکرد. یەکێک بوون لە بەهێزترین شارستانیەتەکان کە تاوەکو ئێستا لە ئەمەریکای ناوەندی فەرمانڕەوایان کردبێت.  پەرستگا و هەرەمی بەردینی گەورە و کاری هونەری و سیستەمی ئاڵۆزی وەهایان هەیە، کە شوێنەوارەکانیان بەتەواوی سەرسامان دەکەن. سەرەڕای ئەم دەستکەوتانە شارستانیەتی مایا هەرگیز یەکنەخراو و لەژێر تاکە سەرکردە و کەسێکدا پێکنەهات، بەڵکو پێکهاتبوو لە شاری بچووک-بچووک کە هەر یەکەیان لایەن پاشای خۆیەوە فەرمانڕەوایی دەکران. تەنها کەلتوورێکی هاوبەش مایاکانی بەیەکەوە بەستبووەوە.

سیمای شارستانیەتی مایا زۆر لەسەرخۆ لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠پ. ز) تا (٣٠٠ز) گەشەی کرد. ئەم ماوەش بە ماوەی پێش لاسایی کردنەوە لە ژیانی نەتەوەی مایا ناسراوە. کە لەو سەردەمدا ئەوانەی بە زمانی مایا قسەیان کردووە لە سێ ناوچە ژیاون کە ئەم ناوچانەش (ئەمریکای ناوەند) و (خۆرهەڵات و باشووری مەکسیک)یە. مایا کۆنەکان لە سەرەتادا کاری کشتوکاڵیان کردووە. کە لە چەند دێیەکی پەرش و بڵاو و خانووی بچووک ئەژیان. تا ئەوەی ئەو شارستانیەتە لە ساڵی (٧٠٠پ. ز) بە لوتکەی پێشکەوتن گەیشت، وە هەروەها ئیمپراتۆریە کۆنەکەیان بەهۆی شەڕ و شۆڕ و نەخۆشی و پەتاو خراپی کەش وهەواوە لەناوچوو بە تایبەت لە شارەکانی باشوور، بەڵام لە دەستپێکی شەشەمی پێش زایین ئیمپراتۆریاکەیان سەری هەڵدایەوە کە لەوەی پێش خۆی بەهێزتربووە. وە دێیەکانیان گەشەیان کردوو، وە بوونە گەشەسەندنی شاری تازە لە ناوچەکانی یوکاتان و ئەتزا کە مەزنترینیان شاری (ئەندثرت) بوو. مایاییەکان لە پاڵ کشتوکاڵکردن ژمارەیەک سیفەتی ئایینی و کلتوریان وەرگرت، هەروەها سیستەمی ژمارە و ڕۆژژمێرە بەناوبانگەکەیان لە ئۆلمێکەوە وەرگرت.

ئەم شارستانیەتە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٣٠٠) تا (٩٠٠ز) تووشی ئاڵۆزی هات. وە چەند شارێکی سەربەخۆیی سیاسی دەرکەوتن وەکو شارەکانی (تیکاڵ، بانیک، پیدراس،

٢ زاراوەیەکە کە بۆ وەسفکردنی مەکسیک و ئەمریکای ناوەندی پێش داگیرکردنی ئیسپانیای سەدەی شانزەم بەکارهاتووە .

نجـواس، کوبـان). لـە هـەردوو سـەدەی(٨-٩)ی زاینــی دا بەرەبـەرە شارسـتانیەتی مایـای کلاسـیک بـەرەو شـۆڕبوونەوە و نەمـان ئەچـوو ئەمـەش بەهـۆی کـۆچ کردنـی خەڵکەکـەی لەو شـارانەی کەوتوونەتـە دەشـتەناوخۆییەکان، ئەمـەش بەهـۆی شەڕوشـۆڕی ناوخۆیـی و کەمـی ئـەو بەرهەمانـەی لەزەویـە کشـتوکاڵییەکان دەسـتیان ئەکـەوت وەبەشـی نەئەکـردن، هەندێک بەڵگەهـەن کـە برسـێتی و شـۆڕش و یاخـی بـوون لـە چینـی فەرمانـڕەوا و دەوڵەمەنـدەکان لـە چەنـد شـوێنێکی وڵاتەکـە سـەری هەڵـدا. ئیسـپانییەکان لـە سـاڵی (١٥٢٠ز) پەلامـاری ئیمپراتۆریـای مایایەکانیـان داو توانیـان دەسـت بگـرن بەسـەر زەوییەکانیانـدا، هەرچەنـدە بـۆ ڕێگـری کـردن لـە داگیرکردنـی وڵاتەکەیـان لەلایـەن ئیسـپانییەکان، گەلـی مایـا بەرگرییێکـی بـێ وێنەیـان کـرد، بـەڵام تـا سـاڵی (١٦٩٧ز) توانیـان خۆیـان ڕابگـرن کـە ئـەوەش شانشـینی ئەتـزا بـوو. دواتـر لەبەرامبـەر هێزەکانـی ئیسـپانی دا تێکشـان وە بـە تەواوەیەتـی دەسـتیان بەسـەر وڵاتەکـەدا گـرت.



وردەکاریی لینتێل ٢٦ ی یەخچیلان

# کۆمەڵگەی مایا:

کۆمەڵگەی مایا دابەش ببوو بەسەر دوو چین ، کەمینەیەکی دەوڵەمەند و خۆش گوزەران کە لەو پەری خۆشی و کامەرانی دا ژیانیان ئەگوزەراند. زۆرینەیەکی هەژار کە لەو پەری ناخۆشی و نالەباریدا بوون. جیاوازی نێوان ئەم دوو چینە گەیشتبووە ئاستێکی زۆر ترسناک و مەترسیدارەوە تا ئەو ڕادەی کە کاتێک دەوڵەمەندێک کۆچی دوایی ئەکرد زۆربەی کات وێرای خشڵ و زێڕ و کەل و پەلە تایبەتییەکانی، هەژارێکشیان لەگەڵ ئەناشت، بۆ ئەوەی لە ژیانی هەتاهەتایی دا خزمەتی بکات. جوتیارە دێ نشینەکان باج و خەراجیان ئەدا بە چینی فەرمانڕەوا، وە بە سوغرە کاریان بۆ چینی فەرمانڕەوا و دەوڵەمەند ئەکرد، هەروەها لەوکاتدا بازرگانی کۆیلە باوی هەبووە.

هەروەها خەڵکی مایا هەمیشە لە جەنگدابوون لەژێر یەک فەرمانڕەوا یەک نەخرابوون . بەڵکو هەر شارە و لەلایەن پاشای خۆی، یان ‹یەزدانی پیرۆز› بەڕێوەدەچوو. ئەم پاشا بچووکانە لە پێناو دەستکەوت و ناوچە و فراونکردنی دەسەڵاتیان شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. لەو کۆمەڵگەیە ئەوە باو بووە کە شەڕڤانان هێرشی بچووک بکەنە ناو خاکی دراوسێکەیان و بە دیل بیانگرن و سامانیان تالان بکەن.

هەندێ جاری زیندانیەکان ئەشکەنجە دەدران و ناچاریان دەکردن یاری تۆپی پێ بکەن و دواتر دەیانکردن بە قوربانی. هەندێ جاریش جەنگی گەورەتر ڕوویداوە کە بووتە هۆی ئەوەی شارێکی بەهێز داگیر بکرێت. مایاکان شانازیان بە شەڕەکانیانەوە دەکرد. پاشا و جەنگاوەرەکان سەرکەوتنەکانیان لەسەر شوێنەوارە بەردینەکان تۆمار کردووە ، کە تا ئەمڕۆش شوێنەوارەکانیان ماونەتەوە.



چیچان ئیتزا گرنگترین شار بوو لە باکوری ناوچەی مایا

## هونەری مایاکان:

هەرچەندە ئەو کارە هونەریانەی کە ماونەتەوە، تەنیا بەشێکی کەمی ئەو هونەرە دەردەخات کە مایاکان  دروستیان کردووە، بەڵام جیاوازتر لە هەر نەریتێکی دیکەی هونەری لە ئەمریکادا کۆمەڵێک بابەتی جیاواز نیشان  دەدات. هونەری مایا چەندین شێوازی ناوچەیی هەیە لە ئەمریکای کۆندا.

مایاکان هەرچەندە هیچ ئامرازێکی کانزاییان نەبوو، بەڵام کارکەرێکی شارەزا بوون و شتی بۆماوە درێژیان دروست کردووە، هەروەها کارە هونەریەکانیان جگە لە ئێسک و فلینت و جەمی، لە بەردی بیناکانیان - دیوارەکان و دەرگاکان و پلیکانەکانیانیش نەخشاندووە. قوربانگا فیدابیەکانی خۆیان و نیشانەکانی دادگای تۆپەکانیان هەڵکۆڵیوە لە هەمووشیانەوە مۆنۆمێنتیان بۆ پاشاکانیان و جەنگاوەرەکانیان نەخشاند و سەرکەوتنەکانیان تۆمار کردوون.

هەروەها مایاکان لە سیرامیکەکان شارەزا بوون، کە  زۆر شێوە و قەبارەی جیاوازیان دروست کردووە. کوپ و کاسە و قاپ و قاچاغ و گوڵدانەکان زۆر جار بە وردی ڕازێنرابوونەوە بە تابلۆ یان نەخشاندنی جوانەوە.مایاکان هەروەها پەیکەری ورد و واقیعیان لە شێوەی خەڵک و ئاژەڵدا دروست کرد.



دەمامکی خۆشی یەدی پاشای کەیینەیچ جانەئاب و پاکاڵ



پەیکەری داری کلاسیکی زوو



پەیکەری سیرامیک لە دوورگەی جەینا، ٦٥٠-٨٠٠



ماسکی ستۆکۆ ٣٣ ڕازاندنەوەی ژێرخانەوەی کلاسیکی سەرەتایی تیکال پەرستگا



کەشتی سیرامیکی ڕەنگکراو لە ساکولەوە

## سەرچاوەی بژێوی ژیانی مایاکان:

لـە دەوروبـەری ٢٠٠٠ پ.ز، مایـاکان دەسـتیان کـرد بـە کشـتوکاڵکردن، بەتایبـەت کشـتوکاڵی گەنمەشـامی، پاقلـە و بیبـەری شـیلی. لـە دەوروبـەری ماڵەکانیشـیاندا چ لـە شـارەکان یـان دێیـەکان بـە بەرووبومـی کشـتوکاڵی وەکـو پەتاتـە و تەماتەیـان چانـدووە. هەروەهـا ئـەوان ئاسـک و قـەل و کەروێشـک و مەیموونیـان ڕاوکـردووە، لەبـواری ئاژەڵداریـش ئاژەڵـی لامـا و سـەگیان بەخێوکردووە. ئـەوان بـە یەکـەم کەسـانێکیش دادەنرێـن کـە فێـری بەکارهێنانـی پاقلـە و کاکاو بـوون.

بیبەریـان وەک خواردنێکـی بەتـام بـۆ پاشـا و قەشـەکانیان ئامادەکـردووە، پاقلـەی کاکاویـش لای ئـەوان زۆر بـە نـرخ بـووە، بەشـێوەیەک کـە زۆر جـار لەبـری پـارە بەکاریـان هێنـاوە. مایـاکان تۆویـان لـە چاڵێکـدا چانـدووە کـە بـە دارێکـی نـووک تیـژ هەڵیـان ئەکەنـد، دواتـر گەشـەیان بـە سیسـتەمی کشـتوکاڵی دا، هەروەهـا پەینیـان بـۆ بەرهەمـە کشـتوکاڵەکان بەکارهێنـاوە.




گەنمەشامی بەشێکی سەرەکی خۆراکی مایاکان بوو



## سیاسەتی مایاکان:

سیستەمی سیاسی مایاکان وابووە کە هەرگیز بەتەواوی نەتوانرا ناوچەی کلتوری مایاکان یەک بخرێتە ناو یەک دەوڵەت یان ئیمپراتۆریەتێکی تاکەوە. بەڵکو بەدرێژایی مێژووی خۆی ناوچەی مایاکان تێکەڵەیەکی هەمەجۆری ئاڵۆزی سیاسی لەخۆگرتبوو، کە هەردوو دەوڵەت و سەرۆک خێڵی تێدابوو، ئەمانە لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتردا زۆر بە جۆش و خرۆش بوون و خەریکی تۆڕێکی ئاڵۆز بوون لە ڕکابەری و ماوەی زاڵبوون یان ملکەچبوون و هاوپەیمانی کردن. لە کاتیکدا، دەسەڵاتی جیاوازی هەرێمیان بەدەست هێنا، وەک کالاکمول، کاراکۆل، مایەپان و تیکال.

هەروەها مایاکان بە پادشاکانی خۆیان ئەگووت (کۆلاهو) کە بە واتای فەرمانڕەوایی گەورە و پیرۆز دێت، وە پادشاکانیان دەسەڵاتی سیاسی و ئاینییان هەبووە. ئەم پاشایانە لەسەرەتاوە لە ڕێورەسمێکدا لەلایەن ئەنجومەنێکی تایبەتەوە هەڵئەبژێردران، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕێورەسمە نەما و بەتەواوی دەسەڵات کەوتە دەست پیاوانی ئاینی و قەشەکانەوە ، تا وای لێهات قەشەکان خۆشیان ئەبوون لە پادشا.



جەینا ئایلاند فیگورین نوێنەرایەتی جەنگاوەرێکی سەردەمی کلاسیک دەکات



پەیکەرتاشی سەردەمی کلاسیکی نمایشکردنی دیلەکانی پێش فەرمانڕەوای ئێتزامناج ب ئەلعلامی سێیەم لە یاکسچیلان



## خواوەند و بیروڕای ئایینی مایاکان:

مایاکان خوداوەندەکانی سروشت وەک خوداوەندی خۆر و مانگ و باران و گەنمەشامیان دەپەرست.بەپێی «پۆپۆل ڤوە» کە کتێبێکی ئەفسانەکانی مایاکانە، خوداوەندەکان زەوی و ئاسمانیان دروست کردووە پاشان ئاژەڵ و باڵندەکانیان دروست کرد. بەڵام کێشەیەک هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە ئاژەڵەکان نەیان ئەتوانی قسەبکەم بۆ ئەوەی خواوەندەکان بپەرستن. بۆیە خواوەندەکان بڕیاریاندا مرۆڤ دروست بکەن. یەکەم مرۆڤیان لە قوڕ دروست کرد بەڵام ئەوان لەناو خۆڵ توانەوە. بۆ جاری دووەم خواوەندەکان هەوڵیان دا مرۆڤ دروستبکەنەوە ئەمجارە مرۆڤیان لە دار هەڵکەنی بەڵام تەختەدارەکان ئەوەندە بەهێزبوون خواوەندەکانیان نەپەرست. بۆیە خواوەندەکان ئەوانیان بە لافاو لەناو برد. ئینجا خواوەندەکان بۆ جاری سێیەم مرۆڤیان لە گەنمەشامی سپی و زەرد دەرهێنا، لە کۆتاییدا گەنمەشامی ئەو ماددەیە بوو کە مرۆڤی ڕاستەقینەی بەرهەم هێنا و دەستیان کرد بە پەرستنی خواوەندەکانیان .

هەروەها مایاکان بۆ خۆ نزیکردنەوە لە خواوەندەکانیان قوربانیان پێشکەش کردوون.  وە هەروەها چاودێری جووڵەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیان کردووە ، لەسەر بنەمای ئەم چاودێریە زۆربەی کارەکانیان بەڕێ ئەکرد، نەتەوەی مایا وەکو زۆربەی نەتەوە کۆنەکان، خواوەندی جۆراوجۆریان هەبووە، کە گەورەترینیان و گرنگترینیان خواوەند (هۆناب کۆ) بووە، کە بەپێی بیروباوەڕی ئایینی مایا خواوەند (هۆناب کۆ) خواوەندی گەورە و درووست کەری جیهان بووە کە گرنگترین خواوەند بووە لەلایەی نەتەوەی مایا وە خواوەندەکانی تر ئەمانە بوون، خواوەندەی (ئیتزامنا) خواوەندی ئاسمان و خاوەنی شەو و ڕۆژ و باران و نووسینی پزیشکی بووە وە تەنیا لەلایەن قەشەکانەوە ئەپەرسترا و دەرکەوتنی تەنیا بۆ پێشتیوانی خانەوادەی پادشا بووە، وە خواوەند (یوم کاکاس) کە خواوەندی گوڵەدان بووە، وە خواوەند (چاکس) خواوەندی باران بارین بووە، وە خواوەند (ئەکس چل) خواوەندی چاک بوونەوەی نەخۆشی و لە دایکبوونی منداڵ و شیردانی منداڵ بووە، وە خواوەند (ئەکساب) خواوەندی خۆکوشتن بووە، وە ئەو سەرجەم خواوەندانە وە ژنەکانیانشیان خواوەندی کۆڵکە زێزینەیان پەرستووە، وە نەتەوەی مایا ڕێوڕەسمی ئایینی جۆروجۆریان هەبووە وئاهەنگ ڤیستڤاڵیان بۆ ئەو سەرجەم خواوەندانە ساز و ئەنجام داوە. وە لە سەرەتای ساڵی نەتەوەی مایادا بە تایبەتی لە کاتی تەنگەتاوی و برسێتی و وشکە ساڵی و بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی دا، لە گۆڕەپانێکی گشتی دا بۆ ڕێزگرتن وقوربانی کردن بۆ خواوەندەکانیان ئاهەنگیان ئەکرد و کۆ ئەبوونەوە.

## نووسینی مایاکان:

مایا کۆنەکان هەروەکو میسریەکان سیستەمێکی نووسینی ئاڵۆزیان بەکارهێناوە کە بە وشە (هیرۆگلفنی) چووە کە تێبینییەکانیان و حساباتە فەلەکی و ڕۆژمێر و مێژوو وە ڕەچەڵەکی نەتەوەی خۆیان پێ نووسیووە، وە هەرووەها تێکەڵاوێک بووە لە هێما و وێنە و نیشانەی تەواوی نواندووە وە خوێندراوەتەوە. ئەو نووسینانەش لەسەر گۆزە و قاپە گڵێنەکانیان ئەنەخشاند وە یاخود لەسەر ئەو کتێب و نووسراوانەی کە لە سەر توێکڵی دار دروستیان ئەکرد.



لاپەڕەکانی سەردەمی پۆست کلاسیکی پاریس کۆدیکس، یەکێک لە چەند کتێبێکی مایا لە بووندا

## سیستەمی ڕۆژمێری مایاکان:

گەلی مایایش وەکو سەرجەم گەلانی تری جیهان ڕۆژمێری تایبەت بە خۆیان هەبووە. کە لە سەرەتادا ڕۆژمێری (تزۆلکیان) یان داهێناوە کە ماوەکەی نزیکی (٢٦٠) ڕۆژ ئەبوو مەتا ماوەکەی کەم پەیڕەو کراوە، وە ڕۆژمێرێکی تریان داهێناوە بە ناوی ڕۆژمێری (هاپا) کە ماوەکەی بە قەدەر ساڵی تیشکی بووە کە (٣٦٥) ڕۆژ بووە وە ئەمیش بۆ ماوەیەکی کەم پەیڕەوکراوە.

دواتر مایایەکان هاتن هەردوو ڕۆژمێری (تزۆلکیان) و (هاپا) یان لە یەکدا و ڕۆژمێرێکی بازنەییان لێ دروست ئەکرد بەناوی (٥٢هاپا) کە کە نزیکی (٥٢) هەفتە بووە. هەر لە ناو ئەو ڕۆژمێرەدا خولی (تۆکینا) یان هەبووە کە ماوەکەی نزیکی (١٣) ڕۆژ بووە. مایایەکان خۆلێکی تریان هەبووە بە ناوی خۆلی هەسارەی زوهرا، وە سەرەتای ڕۆژمێری (٥٢هاپا) گەلی مایا، ساڵی (٣١١٤پ. ز) دەست پێ ئەکات کە گوایە ئەم بەروارە هاوکاتە لەگەڵ ڕوودانی لافاوەکەی پەیامبەر (نوح) تا ساڵی (٢٠١٢ز) بەردەوام ئەبێت واتە لەم بەروارەدا بە پێی پێشبینەکانی ڕۆژمێری (٥٢هاپا) نەتەوەی مایا کۆتایی بە ژیان دێت لەسەر ئەم هەسارەیە لە سەدان هەزار ساڵە مرۆڤ و ئاژەڵ ژیانی تیادا ئەگوزەرێنن، بەم پێیەش ماوەی ڕۆژمێری (٥٢هاپا) ی نەتەوەی مایا نزیکی (٥١٢٦) ساڵ ئەخایەنێت، کە ئەمەش هێچ بنەماکەی ڕاست و زانستی تێدا نییە، وە ساڵی (٢٠١٢ز) وەکو هەموو ساڵەکانی تر، ساڵێکی ئاسایی ئەبێت وە ساڵی(٢٠١٢ز) کۆتایی بە ڕۆژمێری (٥٢هاپا) ی گەلی مایا دێت نەک کۆتایی بە ژیان لە سەر هەسارەی زەویی.



# سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان سەرەکیەکان:


•Robert M. Carmack: *A Historical Anthropological Perspective on the Mayan Civilization*. State University of New York at Albany.

•Jeremy A. Sabloff: *How Maya Archaeologists Discovered the 99% Through the Study of Settlement Patterns*.

•www.history.com


### سەرچاوەکان لاوەکیەکان:


- Owen Jarus: *The Maya: History, civilization & gods,2019*
- Laura Pattara: *The Mighty Mayans: Ideology, Rituals and Architecture,2016*

•en.wikipedia.org